
# یاخی بوونی تریَ عومەر لە شیعری
# ( بەردی کەعبەش ) دا



زۆر جار یاخی بوونی شاعیر وا دەکات هەلْویَست بەرامبەر ناوەرۆکی شیعرەکەی وەربگریَو لایەنە سلبیەکان یەك لا بکاتەوە .. بیَ گومان هەر کەمو کورِیەکی کۆمەلْ بەستراوە بە هۆشیاری شاعیر لە رووداوەکانی ژیانی لە بواری کۆمەلاْیەتیو سیاسیو ئابووریو ... ئەم بوارەش وا لە شاعیر دەکا کە بتوانیَ بە شیَوەیەکی ریَكو پیَك لە چوارچیَوەیەکی هونەری شیعری دا بەرجەستەی بکات، شیعری ( بەردی رەشی کەعبەش ) لەم جۆرە شیعرانەیە کەوا لە کارەساتیَکی راستەقیَنەو دلْتەزیَنەوە سەری هەلْداوە بیَ گومان لە زۆربەی سایتو رۆژنامەو راگەیاندنە کوردیەکاندا کەوتە بەر باسو لیَکۆلْینەوە شیعریش بووە پیَناسەیەکی یاخی بۆ ئەم بابەتەو وەك سەردولکەیەکی نامۆ بووە بە کفنی ئالْی کچۆلْەیەکی بیَ تاوان .. ئەم شیعرەی تریَ کە بریتیە لە دوو کۆپلْەی خنجیلەو جوان کە گەیشتۆتە لوتکەی یاخی بوونو شاعیر ئەوەندە رِقو کینی لە دلْدایە بەرامبەر ئەم تاوانەی بە دوعایان کرد کە دەلْیَ :

لە پاش ئەوەی
بەردم بینی
سەری دوعای پان کردەوە
نایکەم بە ملوانکەی ملم
جاریَکی دیش ..
رقم لە هەموو بەردیَکە
هەتاکوو بەردی ئەلحەدیش

دیارە ئەم کارەساتە وەکو حالْەتیَکی ناهەموار کاری لە شاعیر کردووەو باریَکی دەروونی شیعری دروست بووەو کە لە چوارچیَوەیەکی پرِ رقو قینو خۆی دۆزیتەوە ئەویش لە سەرەنجامی دابو نەریتی دواکەوتوویی کۆمەلْدا .. دیارە بەرد هەندیَ جار لەلایەن زۆربەی کۆمەلْگاوە وەکو رِەمزیَکی پرِ کلتورو جوان خۆی نواندوە.. هەندیَ بەردیش وەکو تابلۆ نەخشیَنراوە وەك گەردانەیەك چنراوەتەوە لەبەر جوانی ئافرەت لە ملی خۆت کردووە .. هەندیَکیش زۆر پیرۆزن لەبواری دیانەتەوە.. لیَرەدا شاعیر باس لە خودی ئەم دەستە چلْکنو زالْمە دەکات کە سەری ئەم کچە بیَ تاوانەیان چۆن بە بەرد پان کردۆتەوە . هەر بۆیەش شاعیر تەواو نەفرەتی لە بەرد کردووە بگرە پیرۆزترین بەردیش کە ئەویش بەردی ئەلحەدە .. لیَرەدا تریَ کارەساتەکە زۆر کاری لیَ کردووە هەر بۆیە رقی کردۆتە سەنگەریَکی سەرەکی هەلْویَستەکەییو نەفرەتی لە بەرد کردووە .. ئەمەش لە پالْ گیان وروژانیَکی رۆمانسیەوە رق بۆتە هەویَنی ئەم شیعرەی کە زۆر بە جوانی وەسفی بەردی کردووە ، تریَ تەنها وەکو موجامەلەیکی شیعری وەسفی بەردی کردووە رقو کینی بەرامبەر نواندووە ئەگینا بۆ ریسواکردنی بەردە پیرۆزەکان نی یە .. هەلْبەت زۆر سات بەرد زۆر سوودمەند بووەو کەلْکی لیَ وەرگیراوە هەندیَ کاتیش زەرەرمەند بووە بە هۆی پالْنەریَك یاخود گەیەنەریَکی سروشتی لە زۆربەی کارەساتەکانی جیهان، زۆر جاریش وەکو چەکیَك لە شەرِ بەکار هاتووە .. وە لیَ ئەمجارەش بەرد گیانی خاتو دوعای کردە قوربانی عەشقو هەلْویَستی پرِ بیروباوەرِی .. ئیَمە زۆر جار خۆمان عەشق وەکو ژین لە کۆتایی دەبیَتە داستانیَکی بە سۆزو میَژووش لە ئەرشیفی خۆیدا تۆماری دەکات .. شاعیر ئەگەر هەندیَ هۆکاری

دەرەکیو دەروونی نەبێت یاخی بوون ناکاتە پەیامی کۆپلەکانی بۆ ئەوەی جوانیو ڕۆمانسیەتی شیعر لە بیر بکات .. تری هەرچەندە رقو کینی کردۆتە پەیامی شیعرەکەی بەڵام باکگراوندێکی بە سۆزو دڵتەزێنی کردۆتە سیمای ئەگەرەکانیو زۆر بەجوانی دایڕشتووە .. شاعیر هەرچەندە شیعرەکەی بە هەناسەیەکی کورت نووسیوە بەڵام پاکیزەییو داهێنانی شیعری لە بیر نەکردووەو بەڵگەیەکی جوانی بۆ هێناوەتەوە کە ئەویش شاعیر بە خواستن بەرجەستەی کردوەو نموونەشی بۆ هێناوەتەوە کە ئەویش بەردی رەشی کەعبەیە وەك دەڵێ :

لە پاش ئەوەی
بەردم بینی
سینگی دوعای کرد بە دوورگەی
ئازارو خوێن
دابێژ دابێژ بوون گیانو لەش
رقم لە هەموو بەردێکە
هەتا بەردی رەشی کەعبەش

بەرد لێرەدا پێوەری دەستێکی رەشو چڵکنەو یاخی بوونی شاعیریش گەیشتۆتە رادەیەك کە رقی بەرامبەر بەردی کەعبەش بنوێنێ ، دیسان دەڵێم لێرەدا تریٚ مەبەستی ئەوە نی یە کە پیرۆزترین بەردی مەزهەبی بکاتە سەنگەری رقو قین ئەو تەنها یاخی بوونی خۆی نواندووە کە ئەویش گەیشتۆتە لوتکە .. ئەم جۆرە حاڵەتەش کە زۆر کاری لە دەروونی شاعیر کردووە بۆ ئەوەی دەنگی شیعر بەرز بکاتەوەو بتوانێت ئەم تەوقە بشکێنێت کە کۆمەڵگاکەی تیٚی دا دەناڵێنێ بۆیە تریٚ لێرەدا خۆی لە شیعرێکی بەرهەڵستکاری تورەدا دۆزیوەتەوە کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم واقیعە تاڵەی کە میللەتەکەی تیٚی دا دەژی وا دەکات کە زەمینە بۆ ئەوە خۆش بکات ئازادانە هەڵوێست دەربڕی کەویش پەنا بباتە بەر هەندێ ووشەی پڕ رقو قینو نارەزایی خۆی دەربڕێ .. لێرەدا بۆمان دەدەکەوێت کە یاخی بوونی شاعیر لە سەرەنجامی رەتکردنەوەی چەوسانەوەو دیلێتیو ریسوا کردنی تاکەکانی کۆمەڵگایە ..

سەرهەنگ خامۆش
Xamosh_s@hotmail.com